ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**پاراستنی کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس.**

نووسەر: @:

پاراستنی کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس.
پاراستن لە ئینتەرنێت چیە؟
جۆرەکانی پاراستن چین؟
پاراستن لە ژیانی رۆژانەی ئینتەرنێت دا گرنگە یان نە؟ ئەگەر گرنگە بۆچی و چۆن؟
لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی تێر و تەسەل تیشک بخەمە سەر پاراستن لە ئینتەرنێت، هەروەها چۆنیەتی ڕێکخستنی پاراستن و چ جۆرە پرۆگرامێک یاریدەرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە.
هەموو کۆمپیوتەرێک کاتێک خۆی دەبەستێتە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتەوە، دەکەوێتە مەترسی و ڕووبەڕوی هێرشەکانی سەر ئینتەرنێت دەبێتەوە.
هێرەشانی سەر ئینتەرنێت شیواز و جۆری جۆراوجۆری هەیە، بۆ نموونە هێرشی ڤایرۆس.
هێرشی ڤایرۆس ئەو هێرشەیە کە کاتێک کەسێک پرۆگرامی ڤایرۆسێک دەکات یان دەیخولقێنێت و لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەکاتەوە، زۆر جار ڤایرۆسەکان لە ڕێی پۆستی ئەلەکترۆنیەوە بڵاو دەبنەوە.
چۆن کۆمپیوتەر دەپارێزرێت لە هێرشی ڤایرۆسەکان؟
بۆ پاراستنی کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس بە گشتیی و هێرشەکانی بەتایبەت، پێویست بەوە دەکات کە پرۆگرامێکی دژە ڤایرۆس دابمەزرێندرێت لە نێو کۆمپیوتەردا و پاشان کات بە کات دواترین نوێکاری و بەرگریەکانی بۆ دابگیردرێت و دابمەزرێت.
ئایا ئەو پرۆگرامانەی دژە ڤایرۆس کامانەن و چۆن دادەمەزرێندرێن؟
پرۆگرامی دژە ڤایرۆس زۆر زۆرە و شتێکی ئاسان نیە کە بگوترێ کامەیان لەوی دیکەیان چاکترە و باشتر کۆمپیوتەر دەپارێزێت، بەڵام من (ئاسۆ) کە لەوانەیە 90% ئەو پرۆگرامانەم دامەزراندوەو تاقیمکردۆتەوە دەتوانم بەم شێوەیە پێناسەی هەر یەک لەو پرۆگرامانە بکەم.
Norton Antivirus، لەو کاتەوەی کە کۆمپیوتەرم کڕیوە و هاتوومەتە سەر ئینتەرنێت پرۆگرامی Norton Antivirusـم دامەزراندوە، پرۆگرامێکی زۆر چاک و بەهێزە لە کارکردنیدا. بەڕای من باشترین وەشانی، وەشانی ساڵی 2003ـە، Norton Antivirus 2003 Pro و پاشان لەم دوایانەدا وەشانی ساڵی 2005ی کەوتە بازاڕەوە، ئەم وەشانە نوێیەش لە وەشانی ساڵی 2004 زۆر چاکتر و بەهێزترە.
لە وەشانی 2005 دا هەندێک تایبەتمەندی بۆ زرۆکراوە کە لە وەشانە کۆنەکانیدا نەبووە، لەوانە پاراستنی کۆمپیوتەر لە کرمەکانی سەر ئینتەرنێت.
لەو ساڵانەی بەکارهێنانم بۆ Norton Antivirus چەند شتێکم بۆ ڕوون بووتەوە سەبارەت بەم پرۆگرامە لەوانە:
1> توانای بۆ خاوێنکردنی پەڕگە ڤایرۆس لێدراوەکان زۆر بەهێز نیە و لە زۆربەی کاتەکاندا ناتوانی ڤایرۆسەکە لە پەڕگە بکاتەوە و پەڕگەکە خاوێن بکات.
2> خێرایی گەڕان Scanی کۆمپیوتەر بەدوای ڤایرۆس دا بە پێی پێویست خێرا نیە، پرۆگرامی دیکە هەیە کە چەندین بەرانبەر ئەو کارە جێبەجێ دەکەن.
بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینیانە، من ئێستاش پرۆگرامی Norton Antivirus 2005 بەکار دێنم و زۆر ڕازیم لە کارکردنی، لەوانەیە زۆر کەسێک بڵێ کە Norton Antivirus کۆمپیوتەر خاو دەکاتەوە، بەڵام بە دڵنیا یەوە ئەو شتێکی ڕاست نیە، گەر لە Task Manager سەیرێکی ئەو بیرۆکەیە بکرێت کە Norton دابینی دەکات، دەبینرێت کە زۆر زۆر کەمترە لە هی هەندێک پرۆگرامی دیکەی هەمان بوار.
بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە تازە بە جیهانی ئینتەرنێت ئاشنا بوون و لەم جیهانەدا نوێن، دەتوانن ئەو پرۆگرامە دابگرن و دایبمەزرێنن، پاشان هەموو حەوتەیەک یان بە پێی پێویست بەرگریە نوێکانی بۆ دابگرن، ئەو کاتە دەتوانن دڵنیا بن کە کۆمپیوتەرەکەتان لە مەترسی دا نابێت.
(وێنەیەکی Norton Antivirus 2005).




----

Mcafee Virus Scan. بۆ ماوەی چەند ماگێک پرۆگرامی دژە ڤایرۆسی مکافی وەشانی حەوتەمم بە کار دەهێنا، کارکردنی زۆر چاک و پاراستنێکی مەتینی هەبوو، لەگەڵ ئەوەی کە دەیتوانی داگرتنەکانی ئینتەرنێت چێک بکات پاش داگرتنیان.
بەڵام Mcrafee Virus شێوەی داگرتنی نوێکاریەکانی تایبەت بە پرۆگرامەکەی هەندێک وردە کاری و کاری زۆری دەویست.

----

Anti Vir Personal Edition، پرۆگرامێکی زۆر چاک و خۆڕاییە، ولآتی ئەڵمانیا بە بەرهەمی هێناوە، تا ئێستا چەند خەڵاتی چاکی بەدەست هێناوە، بەکاربردنی زۆر ئاسان و شێوەیەکی زۆر سادەی هەیە.
تەنیا شتێک کە بەبڕوای من کە ناتوانرێ بکرێت بە هۆیەک بۆ بەکار نەبردنی ئەو پرۆگرامە، ئەوەیە کە هەڵبژاردن و ڕیکخستنی ورد و زۆری نیە. بەڵام ئەگەر توانای داگرتنی نوێکاری و دواترین بەرگریەکانیت هەبێت، پێم وانیە لەم پرۆگرامە چاکترت دەستکەوێت.

----

Panda Antivirus، بەناوبانگترین و بەهێزترین پرۆگرامی پاراستن لە ئەوروپا پرۆگرامی Panda یە. ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئەم پرۆگرامە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زۆری کردووە، هۆکەشی ئەوەیە کە دژەڤایرۆسی پاندا تەنیا پرۆگرامێکە کە دەتوانێ ڤایرۆس لە پەڕگەی فایرۆس لێدراو جیاکاتەوە و پەڕگەکە بێ کێشە خاوێن بکات. هەروەها لەگەڵ یەکەم چرکە کە بەکارهێنەر ڕۆیشتە سەر ئینتەرنێت. بە شێوەیەکی خۆکار نوێکاریەکانی خۆی دادەگرێت و چاکترین پاراستن بۆ کۆمپیوتەر دابین دەکات.
تەنیا کێشەیەک کە هەیەتی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە پەیوەندیدا لە گەڵ ئینتەرنێت بۆ ئەوەی خێرا نوێکاریەکانی خۆی دابگرێت، ئەو پەیوەندیە هەمووکاتیەش دەبێتە هۆی خاوبوونەوە ئینتەرنێت.

----

Bitdefender، لەوانەیە هیچ ڤایرۆسێک لە ژێر چێک کردنی ئەم پرۆگرامە ڕزگاری نەبێت، وەشانی حەوتەمی گەلێک لە هەشتەمی خێراتر و ئێسک سووکترە.
بەڵام ئەگەری تێکشکانی پرۆگرامەکە زۆرترە لەوانی دیکە، هەروەها کاتێک کە ڤایرۆسێک بدۆزێتەوە، زۆر ئاگاداری پیشان دەدات و لە زۆربەی کاتدا ناتوانێ ڤایرۆسەکانی نێو پەڕگە کاتیەکانی ئینتەرنێت بسڕێتەوە.

----

PC-Cillin، ئەم پرۆگرامە هەر لە وەشانە کۆنەکانیەوە بە پرۆگرامێکی چاک و پارێزەر ناسراوە، بێ کێشە دەبێ گەر خۆت چاوەدێری داگرتنی نوێکاری و دواترین بەرگریەکان بکەیت.

----

ئەو پرۆگرامانەی سەرەوە هەموو پرۆگرامەکانی دژە ڤایرۆس نین، بەڵکو زۆر پرۆگرامی دیکە هەیە کە بەکارهێنەری خۆیان هەیە، بەڵام لەوانیە زۆر بەناوبانگ نەبن لە ئینتەرنێت.
ئەو کورتە شیکردنەوە و پێناسانەی من بۆ ئەو پرۆگرامانە، تەنیا تایبەت بە خۆمن و چۆنیەتی کارکردن و ڕێژەی چاکی پرۆگرام دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە بەکارهێنەر خۆی چەند هەست بە پارێزراوی دەکات پاش دامەزراندنی پرۆگرامی دژە ڤایرۆس.

ئەم بەستەرەش لەسەر هەمان شت تاقیکاریەکان کردوە، لێرە دەتوانی تاقیکاریەکە و ئەنجامەکەشی ببینی.
?http://www.anti-virus-software-review.com/index.html
----
هیوادارم بەو شێوەیە لە چۆنیەتی خۆ پاراستن لە ڤایرۆسەکانی سەر ئینتەرنێت هەندێک ئاشنا بووبی و بابەتەکە سوودی هەبووبێت.
لە دوو بەشی داهاتوودا چۆنیەتی خۆ پاراستن لە هاک کەران شیدەکەمەوە، هەروەها چۆنیەتی خۆ پاراستن لە پەڕگەکانی Adware
کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئینتەرنێت دا هەن و زۆر زیانیان هەیە.
کۆتایی بەشی یەکەم.

Oct 2005 13

**30 minute Face Lift**
Surgery Free, Cost Effective Remedy for Aging Skin

**Hair Implants by Biofibre**
Expert surgeon - Dr Peter Hajduk Send photos for free estimate

Ads by Google